# ئاماری جیابوونەوە و هاوسەرگیری لە مانگی نیسانی ڕابردوودا لە عێراق بڵاوکرایەوە



ئەنجومەنی باڵای دادوەری دوێنێ پێنجشەممە ئاماری جیابوونەوە و هاوسەرگیری لە مانگی نیسانی ڕابردوودا لە هەموو پارێزگاکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە.

بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری، ژمارەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە بە بڕیاری دادگا گەیشتە 4643 حاڵەت، بەغدای پایتەخت لە پێشەنگی لیستەکەدا بوو و پارێزگای بەسرە لە باشوری عێراق لە دوای هات. لە هەمان مانگدا، دادگاکان 14،786 گرێبەستی هاوسەرگیریان تۆمارکردووە و 1326 گرێبەستی هاوسەرگیریان پەسەند کردووە. بەغدای پایتەخت و پارێزگای نەینەوا بەشی شێریان لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا هەبوو.